Työ- ja elinkeinoministeriö
Arbets- och näringsministeriet

Sorani, tiedote 3.4.2020
Ravintolat sulkeutuvat koko maassa perjantaina
puolen yön aikaan koronavirusepidemian vuoksi

**خواردنخانەکان لە سەرانسەری ولات دادەخرێن لە شەوی هەی بەهۆی پەتای کۆرۆنا**

خواردنخانەکان و چێشتخانەکانی دیکەش دادەخرێن لە سەرانسەری ولات لە رۆژی هەینی ٤/٣ کاتژمێر ٢٤. لە شەممە ٢٠٢٠/٤/٤وە خواردنخانەکان دادەخرێن بۆ مشتەریەکان تا ٥/٣١. داخستن زۆر پێویستە بۆ بەرەنگاربوونی بلاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا.

فرۆشتنی بۆ دەرەوە واتە "تەیک ئەوەی" قەدەخە نیە. پێویستە خواردنخانەکان بەپێی رێنمایەکانی گشتی فرۆشتنی بۆ دەرەوە ئەوها بکەن کە مەترسیی بلاوبوونەوەی پەیا ڕوو نەدات کاتێک کە خواردن بۆ دەرەوە دەبرێت.

داخستنەوە خواردنخانەکانی کارگەکان لەخۆی ناگرێت ئەگەر بۆ جەماوەری گشتی کراوە نەبن. هەر-وەها چێشتخانەکانی نەخۆشخانەکان، باخچەکانی مندالان و دەزگایە پیشەسازیەکان کراوە دەمێنن.

یارمەتیی ئابۆری بە خاوەنکارەکان دەدرێت.

ڕێنمایی بۆ خاوەنکارەکان لە پەتای کۆرۆنادا
https://tem.fi/koronavirus/toimintaohjeita-yrityksille

یارمەتیی ئابۆری بۆ خاوەنکارەکان لە بارودۆخی کۆرۆنادا
https://tem.fi/kysymyksia-ja-vastauksia-koronasta-ja-yritysrahoituksesta-soraniksi

پرسیار و ولام سەبارەت بە داخستنی خواردنخانەکان
https://tem.fi/kysymyksia-ja-vastauksia-ravintoloiden-sulkemisesta-soraniksi